## عەبدوڵڵا پەشێو

# خۆ دزینەوە لە مەسەلەی ڕەوای بەشەکانی تری کوردستان لە قازانجی نەتەوەی کورد دا نییە

**زۆربەی هەرە زۆری زانایان و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لەو باوەڕەدان کە مان و نەمانی ئەمجارەی کورد بەستراوەتەوە بەم بارودۆخە سیاسیەی ئەورۆکەی باشووری کوردستان.**
**بەشداریکردنی کورد لە دەوڵەتی نوێی عێراقدا، فیدراڵی یان سەربەخۆیی، کامەیان ڕێگا چارەی راستەقینەن بۆ کورد؟ لە پێوەند لەگەڵ ئەم باسەدا، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی شاعیری خاوەن هەڵوێست و بەنێو بانگی کورد مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو کرد.**

**شاعیری ناسراوی گەلەکەمان (عەبدوڵڵا پەشێو) لەلایەن مامۆستا سیروان کاوسی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازدراوەو لە ژمارە (٢٨)ی گۆڤاری کۆنگرە لە دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە، لەسەر داوای بەڕێز (عەبدوڵڵا پەشێو)و گرنگی دیمانەکە، بە پێویستمان زانی لە هەفتەنامەی (جەماوەر)یش بڵاوی بکەینەوە، تاوەکو ڕێژەیەکی زیاتری خوێنەران ئاگاداری بیروبۆچوونەکانی بەڕێز (عەبدوڵڵا پەشێو) بن لەسەر ڕەوشی هەنوکەیی کوردستان و پرسە نەتەوەیی یەکان.**
**- جەماوەر -**

*** بەڕێز مامۆستا پەشێو، بە باوەڕی ئێوە کورد چی بکات تابتوانێ ئەم دەستکەوتەی ئەمڕۆکەی باشووری کوردستان بپارێزێ و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ببات؟**

- کوردی باشور، وەک هەرگەلێکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیرادەی لە دەست خۆیدا نییە، ڕاستیەکەی دەیان ساڵە چارەنووسی کەوتۆتە دەست چەند حیزبێکی تۆتالیتاری پاشماوەی مۆدێلی حزبە بەلشەفیکی سۆڤیەتی. ئەمەش هەر چارەنووسی ئێمە نییە، بەڵکو هەر هەموو گەلانی ناوچەکەیە کە تێدا حیزب لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی هەردوو کولتووری کۆمۆنیزمی ئەرثۆدۆکسی ڕۆژهەڵاتی کلتوری باوکسالارانەی کۆن... توندگری ئیسلامی وەبەر هاتووە چەند ئەزربایجانی و سەفەر نیازڤی تورکمنستانی.. گونیان بەگەلەکانیان چووە سەرکردەکانی ئێمەش هەر هێندە. بۆیە ڕاستر بوو بپرسین (سەرکردایەتی دوو حیزبە کە چی بکەن باشە؟) .

سەرکردەی حیزبەکانی ئێمە هەموویان هی زەمانی شەری ساردن و بەکردەوە لە جەوهەری ئەو هەموو گۆڕانکارییە قووڵ و بنەرەتیانە ئاگادارنین، یان نایانەوێ ئاگاداربن، کەبەسەر دنیادا هاتوون حیزبەکانیان لە هەلومەرجی نهێنی و «خەباتی خوێناویدا» سازکراون و خۆشیان لە کۆنگرەکاندا بە چەپڵە هەڵبژێردراون پلەو پایە بەپێی دووری و نێزیکی لەگەوەری حیزب و دەبەخشرێ سەرکردە لە هەڵە مەعسومەو لێپرسینەوەی بۆ نییە.

لە هەلومەرجی وادا زوو یان درەنگ، حیزب ستراکتۆری مافیا وەردەگرێ.

لە جیهانی سێیەمدا، تەنیا کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کۆییە تا گەلی کورد فێری بەکارهێنانی ئەو کوتەکە نەبێ بێ فایدەیە ئەگینا ئەوە بزاڤی باشووری سوودانی ئۆتۆنۆمیخوازیش فێری میتۆدۆ پرۆتۆکلاتی موفاوەزات بوو، کەچی ئەوانەی ئێمە تا ئێستاش هەر لە ئاستی ماچوو مووچ و موجامەلەی بۆش و بەتاڵدان لەگەڵ داگیرکارانی وڵاتە ئەنفال و کیمیاباران کراوە کەیاندا باس هەر باسی عێراق و برایەتی کوردی بندەست و گەلانی سەر دەستەس جاجار، بەتایبەتیش کە تەماشای تەلەفزیۆنە عاجباتیەکانی حیزبەکان دەکەم. کە سەرنجی ئەو هەموو کلکە لەقێ و پارانەوەو مامەلەیە دەدەم، عەرەبم بە مەغدور دێتە بەرچاو، واهەست دەکەم کە کورد عەرەبی ئەنفال کردووە و مافی ئەوەی زەوت کردووە.

سەرکردەی حیزبەکان چۆن لە ١٩٩١ بە فیکەیەکی سەدام رایانکردە بەغداو بەماچوو مووچە ناشارستانیانەیان نامووسی خۆیان و گەلی قوربانیدەری خۆیان برد، ئەمجارەش، دوای دوانزە ساڵان بە هەمان شێوە، وەک نەدیوبدی روویان کردە بەغدا، لەباتی ئەوەی تەرکیز بکەنە سەر وڵاتی خۆیان و تاحوکومەتی داگیرکەری بەغدا پێک نەهاتووە بەزووترین کات لەسەر هەر بستە عەردێکی کوردستان یەک حوکومەت و یەک لەشکر پێکبێنن و گەرماو گەرم داگیرکەران لە کوردستان وەدەرنێن و هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانە ئێسکپایەرەکە بکەن و پاشان وەک کیانێکی دیفاکتۆ لەگەڵ حوکومەتی دوا ڕۆژی بەغدا بکەونە گفتوگۆ ئێمە لە ئەڵقەیەکی بۆشی نەفرەتیدا دەسوورێینەوە و لێی دەرناچین وەک گوتم. کاروبار لەدەست سەرکردەی حیزبەکانە، ئەوانیش دیوارێکی ئەستووری وایان بەدەورەدا هەڵچنراوە کە لێچوونە ژوورەوەی ئاسان نییە، یەک ڕێگا هەیە ئەویش هەژاندنی شەقامەکانی کوردستانە، کوتکەکەیە! بۆ ئەمەش پێویست بە میدیا هەیە. بەتایبەتی تەلەفزیۆن/ ئەمەش. بەدەست حیزبەکانەوەیە مەبەستم لە ئەڵقەی بۆش ئەمە بوو. ئەگەر وانەبایە، دەکرا بە پشتیوانی میدیایەکی کوردستانی و لە ڕێگەی هاروژاندنی شەقامەکانی کوردستانەوە فشار بخرێتە سەر حیزبەکان و ناچار بکرێن

مل بدەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی حوکومەتێکی تێکنۆنکرات کە هەموو ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانیش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی دوای ئەمە لە ڕێگەی ئەو دەزگایە شەرعیيانەوە بەپشتگیری سەرجەم خەڵکی کوردستان داوای پیادەکردەنی ریفراندۆم بکرێ،

*** داهاتووی بەشەکانی دیکەی کوردستان چۆن دەبینن، کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە شێوەیەکی هاوکاری بکرێتەوە، وەک بەرەیەکی کوردستانی.**

- خۆ دزینەوە لەمەسەلەی رەوایی بەشەکانی تری کوردستان لە قازانجی نەتەوەی کوردانییە، بەداخەوە سەرکردەی حیزبەکانی باشووری کوردستان. خۆیان و گەلەکەیان لە وزەو دەنگی پارچەکانی تری کوردستان بێبەش کردووە. بەمەش کارتێکی گرنگی تاکتیکی و ستراتیژیەک لەدەست دەدەن.

ئەمریکا ستراتیژیەتی خۆی هەیە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە، پێویستە گۆڕانکاریی گرنگ لە ستروکتۆری جوگرافی، سیاسی، کولتوری، سەربازیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکات، ئەوەی لە هەمووان زێتر بەرژەوەندیی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا هەیە و لەگەڵ ئەو ستراتیژەدا دەسازێ نەتەوەی کوردە. گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراق ئەڵقەیەکی یەکەمی پیادەکردنی ئەو گۆڕانکارییانەیە. لێرەدا کورد پێویستە قورسایی خۆی نەشارێتەوە. کوا تۆ گەلێکی ماندووی چوار پێنج ملیۆنی چل و ملیۆنی بیت لەسەر رووبەرێکی بچوکی چەند ئێدارەی، کوا نەتەوەیکی چل ملیۆمی بیت لەسەر (٥٠٠) هەزار کلیۆمەتر؟ ئایا ئەمە بۆ ئەمریکایەک کە داروبەردی ناوچەکەی دوژمنە وەک یەکە. نەخێر.

کوردی بەشەکانی تری کوردستان قوربانییەکی زۆریان داوە لە پێناو باشووری وڵاتەکەیان، کەچی مخابن هیچ کاتێک هاریکاری سەرکردایەتی حیزبەکانی باشوور لە ئاستی ئەو قوربانیيانەی ئەوان نەبووە. ئێستا نەچووە بچێ. دەرفەت زۆرە نیشانی خۆمان و دنیای بدەین کە ئێمە. هەر چەند پارچەش کرابین یەک نەتەوەین و هاوخوێنین، دەتوانین ئەمە بکەین بێ ئەوەی دنیا لە خۆمان بروژێنین. دەکرێ لەشتی بچووکەوە دەست پێ بکەین هەر بۆ نموونە: دەتوانرێ هاریکاری برایانی لێقەومام و رووتی مەخمور بکرێ بێ ئەوەی گوێ بدەینە پاشخانە سیاسیەکان. دەکرێ لەگەڵ ئەمریکایەکان گفتوگۆ بکرێ لەسەر چارەنووسی چەکدارەکانی (ک.د.ک) راستە لە ساڵانی رابردوودا ئێستا (پ.ک.ک) هەڵەی گەورەی کردووەو دەیکا بەڵام هەر هاو چارەنووسین و لەبەریەک دەرناچین لێک نابینەوە، هەروا دەکرێت ئاورێک لە چارەنووسی برایانی ڕۆژهەڵاتمان بدەینەوە کەلە کامپەکانی رومادی دا. لە دژوارترین بارو دۆخدا دەژین من لە شتە بچوکەکانەوە دەس پێ دەکەم و بەرەو شتە گەورەکان هەڵدەکشێم، خۆگێلکردن لەمەسەلەی برایانی بەشەکانی تری کوردستان بەهێزمان ناکات.

بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە بێبەشمان دەکا لەقوڵاییە جوگرافی و بەشەریە خۆرسکەکەی خۆمان و کارتێکی گرنگی فشار خستنە سەر وڵاتانی دەوروبەرو دنیاش لەدەس دەدەین.

تورکیا هەموو ڕۆژێ دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق وەردەدا بەناوی پاراستنی مافی خزمەتورکومانەکانی.

باشە خۆ سەرکردەکانی ئێمە قوربان بەدەمدا نەدراوە جارێک بڵێن ئەو مافانەی چەند هەزار تورکمانێکی کوردستان هەیانە، ئێمە داوا دەکەین تورکیا هەمان ئەو مافانە بداتە بیست ملیۆن کوردی براو هاو خوێنمان لە کوردستانی بندەستی خۆی ، بۆچی تورکیا یاری بە کارتی چەند هەزار تورکمانێکی کورستات دەکا بەناهەق کەچی ئێمەش لەسەر هەق یاری بەکارتی ملیۆنان هاوخوێنی خۆمان ناکەین.

تا کزۆڵو دەمچەفت و خۆ بەکەم زان بین داگیرکاران زێترو زێتر لێمان دەبنە کەڵەگا. - پارانەوەو موجامەلەی دەیان ساڵمان بەقەد خۆنیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان (پێش شەڕی ئازادی عێراق) کاریگە نەبوو.

*** ئایا سازکردنی دەوڵەتێکی نوێ لە عێراق بۆ کورد و عەرەب و تورکمان بەزیانی کێشەی کورد تەواو نابێ؟**

- بە باوەڕی من کارەساتی کورد لەگەڵ داگیرکارانی عێراقدا لە چەند کەسێکی وەک سەدام و عودەی و قوسەیەوە نایێ، بەڵکو لەو کلتوورەوە دێ کە ئەمانی خوڵقاندوە ئەو کلتوورە لەبەرگی نەتەوە پەرستی عەرەب و ئیسلامیزمی سیاسی سیاسییدا خۆی دەنوێنێ. زۆر جارانیش ئەو دوو تەوژمە تێک دەکەنەوەو دەبن بە دوو فۆرم بۆ یەک ناوەڕۆک. بەهۆی ئەم کلتورە، چەند دورگەیەکی گچکەلانەی لێ دەرچێ، شەقامی عەرەبی بۆتە دەریای شۆڤێنیزم و رەگەزپەرستی و خۆ بەزلزانی دەیانەوێ بەشارستانی بەلاغەی عەرەبی بەربەرەکانیی شارستانیی رۆژئاوا بکەن.

بیری نەتەوەی عەرەبی لەوڵاتێکی وەک عێراقدا هیچ مانایەکی نییە جگە لە تواندنەوەی نەتەوەی کوردو هەڵلووشینی خاکەکەی، ئەگینا عەرەب لەبەر ئەوەی زۆرینەیی عێراقە پێویستی بە خۆپاراستن نییە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و توانەوە. ئەوەی پێویستی بە میکانیزمی خۆپاراستن هەیە گەلی کوردستانە. لەبەر ئەوە، بەهیچ شێوەیەک، جائیز نییە، بڕیارە چارەنووس سازەکان بۆ خەڵکی عێراق بەجێ بهێڵین.

هەر لەسەرەتاوە نەدەبوایە سەرانی دوو حیزبەکە وەک حیزب دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی عەرەبدا بکەن، وەک هەر لەپێشترو زۆرجاری دیش گوتوومە دەبوایە وەک نوێنەرانی کوردستان، لە ڕێگەی هەیئەتێکی شەرعییەوە، بە پشت بەستن بە هەموو حیزبەکانی گۆڕەپان و جەماوەری کوردستان. لەگەڵ سێنتەردا گفتوگۆ بکەن نەک وەک دوو حیزبی موعارەزە لەناو دەیان حیزبی عێراقیدا! بەم شێوەیە ئێستا هیچ تایبەتمەندییەک بۆ (هەرێم!!!)ی کوردستانی «عێراق!!!) نەماوەتەوە. هەر بەهەمان میکانیزمی دیمۆکراسی زۆرینەی عەرەب کەمینەی کورد دەخاتە پەراوێزەوە.

کاتی ئەوە هاتووە لەوە بگەین کە کێشەی ئێمە هەر لەگەڵ سەددام نەبووە، هەر لەگەڵ دیکتاتۆریەت نەبووە، بەڵکو لەگەڵ خودی پێکهاتەی عێراق و کولتووری هەزارو چوارسەد ساڵی ناوچەکەیە.. دەوڵەتی عێراق، لە ڕۆژی دامەزرنییەوە تا ئەمڕۆ هەموو هێزو توانای ماددی و مەعنەوی خۆی بۆ لەناو بردنی خەڵکی کوردستان



بەکارهێناوە، بۆیە دەبوایە ئێمە وەک کیانێکی دیفاکتۆ، بە شێوەیەکی رەسمی و بەشایەدی لایەک، یا چەند لایەکی نێونەتەوەیی مەسەلەکە یەکلا بکەینەوە ئێمە هەشتا ساڵ ئەزموونمان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە، ژنمان لەیەک تەڵاق نەداوە تا بەدوو قسەی خۆش و ماچوو مووچێک مەسرەت بکەین و تاوانەکانی دەستەڵاتی رەگەز پەرستی عەرەب لە بیرکەین.

*** پارتی و یەکێتی باس لە فیدراڵی دەکەن لە عێراقدا، بۆ ئەوەش هیچ پرسێک بە کورد ناکەن، گەلی کورد چۆن دەتوانێ کێشەکەی خۆی بەرەو رووی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکاتەوە؟**

- ئەوشتانەی لەسەرەوە باسم کردن بۆ حاڵەتێک دەشێن کە باوەڕمان بەسەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی بێ لە عێراقدا، من بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدانیم کە ئاستی کۆمەڵایەتی و کلتووری زۆرینەی خەڵکی عێراق ماوەی بەدیهاتنی وئەو خەونە بدات، ئەوەتا ، هەر لە ئێستاوە «مەجلیسی حوکمی کاتی» کەوتۆتە هەوڵو تەقەلای گێڕانەوەی عێراق بۆ باوەشی (نیشتمانی عەرەبی» و خەڵکی عێراق بە عەرەب و کوردستان بە «شیمال» ناوزەند دەکەن و تایبەتمەندییەکانی لێ دادەماڵن، تەنانەت سەرکردەی هەندێ حیزبی کوردیش ناماقوولیی وایان کردووەو دەکەن.. باسی تەراتێنی بەعسیەکانی ناو کوردستانیش هەرناکەم.

تا هاتنی ئەمریکاییەکان بۆ عێراق و کوردستانیش حیزبەکانی ئێمە خۆشیان بەکردەوە، باوەڕیان بە فیدراڵی نەبوو، زۆرجار گوتومە فیدراڵی زۆربەی رەمزو نیشانەکانی دەوڵەتی تێدایە پەرلەمان حکومەت، ئاڵا ، ئارم، سروودی نیشتمانی، سنوور، دەستووری لۆکاڵ، بودجە.. هتد ماوەی دوازدە ساڵ زۆرشت لەدەست خۆمان بوو و دەمانتوانی ئەنجامی بدەین، بەڵام هیچمان نەکرد، چونکە لە بنەڕەتدا سەرکردایەتی حیزبە کوردییە عێراقییەکان باوەڕیان بە هیچ جۆرە کیانێکی تایبەت نییە بۆ گەلی کوردستان. پەڕۆی حیزب لەباتی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەشەکێتەوە، خوا نەیبرێ خاوەنی دوو سرودی نیشتمانین! سنووری کوردستان تا ئێستاش بە روونی و ئاشکرایی باسی ناکرێ و سەرکردەکان هەر منجەمنج دەکەن، هیچ دەستورێکیان بۆ ئەو بستە عەردە دانەنا کە دوازدە ساڵە حوکمی دەکەن.

نەک هەر بودجە دیارنییە ، بەڵکو کەڵەگایانە حیزبەکان دەستیان بەسەر داهاتی قەومیدا گرت و هیچ دەزگایەکی کوردستانی یەکگرتوویان نەهێشت «یەکێتی نووسەران و کۆری زانیاری و سەندیکا و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان» لە ئەنجامی شەری کورد کوژانەی ئەو دوو حیزبەدا ژیانی میلیشیایی بووە سیمای دزێوی کوردستان، تەنانەت لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا لەگەڵ ئەو هەموو باسەی دیموکراسی و مەدەنییەت، نەیانتوانی سیستەمی بانک و پۆستەش لە «هەرێم» دکانیان دامەزرێنن،

پەیوەندی ئەو چەند شارەی کوردستان لەگەڵ یەکتردا زەحمەتتر بوو لەوەی هەیە لە نێوان کۆریای باکوورو باشووردا! نوختەی گومرگ و پشکنین وەک خەنجەرەێکی ژەهراوی کەوتە نێوان زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستان.

سیستەمی فیدراڵی پێویستی بە لێوردبوونەوەی چەند مۆدیلێک هەیە بۆ کەڵک لێ وەرگرتن ئەو مۆدیلانەش لە گۆترەو بەگوێرەی زەوق هەڵنابژێردرێن بەڵکوو بەگوێرەی لێکچوونی بارودۆخی ئێمەو ئەوان، بۆ نموونە ئۆتۆنۆمی سوێدییەکانی فیلاند لە هەندێ رووەوە زۆر کەڵکی هەیە، هەروا سیتەمی فیدراڵیی سویسراو بەلجیکاو کەندا، پێش هەمووشتێک لەبەر پاشخانی مەسەلەی نەتەوەیی لەو وڵاتانەدا.

*** ئایا هەشتا ساڵی پێکەوە ژیان، توانی گەلی عێراق بخولقێنێ؟ توانی هەستی خۆ بەعێراقی زانینی کورد دروست بکا؟**

- چ زەمانەتێک هەیە کە لەمەدودوا ئەو هەستە دروست دەبێ ئەگەر هەر لە ئێستاوە دان بە هەموو تایبەتمەندییەکانمان نەنرێ؟ هەڵبەتە ئێمە خۆمان لە ڕێگەی فشە حیزبە کوردییە عێراقییکانەوە، رۆڵێکی ناجوامێرانەمان دیاری کردووە لە پشتگوێخستنی ئەو تایبەتمەندیيانەو نەخوێندنەوەمان، کەسایەتی لاواز و دەمچەفتی سەرکردایەتی و، موجامەلە و پیاوەتیکردن لەسەر حیسابی شتە هەرە جیدییەکان، تایبەتمەندییەکانی کوردیان خستۆتە پەراوێزەوە. کێ قەدەغەی کردوین سەربڵندانە ناوی وڵاتی خۆمان بێنین؟ بۆچی میدیای حیزبەکان سەریان لە کورد و دنیا شێواندووە؟ ئاخۆ ناوی کاولە وڵاتەکەمان چییە! ئاڵای کامەیە؟ سنوری تاکوێییە.

دەڵێن پارەی عێراقی چاپ دەکرێ، نازانم ئەندامە کوردەکان پرسییان ئاخۆ بەکام زمان لەسەری دەنووسرێ؟ پاسپۆرتی عێراقی دەردەچێ هەمان پرسیاریان کرد؟ لە هەموو وڵاتە دیموکراتە فرەنەتەوەییەکاندا ئەمە بە وردی رەچاو دەکرێ. بۆ نموونە لە فینلاند تەنانەت ناوی کوچەو کۆڵانەکانی سەراپای وڵاتیش بە هەردوو زمانی رەسمی ئەم وڵاتەیە لە فینلەندی و سوێدی هەروا ئایا لە دەستوردا رێ دەگیرێ لە لێشاوی عەرەبان بەرەو کوردستان؟.. میکانیزمەکە لە دەستوری عێراقدا دەچەسپێ؟ بۆ نموونە لە فینلاند هیچ فینلاندییەک ناتوانێ عەرد یا خانوو لە دوورگەی ئۆلاندنی بکرێ کە ٢٥ هەزار سویدی ئۆتونومییان هەیە، ئێمە لە ناو دەریایەک عەربدا دەژین و ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ تەعریبدا هەیە. دەبێ بەراشکاوی ئەو مەسەلەیە لە دەستوردا یەکلا بکرێتەوە، دەبێ بەئاشکراو بێ منجە منج دژی ئەوەبین عەرەب بەئاسانی ببێتە هاوڵاتی عێراقی، ئەمە باری دیموگرافی عێراق دەگۆڕێ.

*** ئایا ریفراندۆم دەتوانێ چارەسەری کێشەی کورد لە باشووری کوردستاندا بکا؟**

- دەمێکە رۆشنبیران و ڕێکخراوە کوردستانییەکان باس لە ریفراندۆم دەکەن، کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان رەنگە لەم رووەوە پێشەنگ بێ هەروا پارتی و کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چەند ساڵێکە بانگەشە بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن، نەک هەر هێندە بگرە گۆڤارێکیشیان هەر بەم ناوەوە هەیە. پرۆڤیسۆر جەمال نەبەز لە زۆر موناسەبە پێی لەسەر ریفراندۆم داگرتووە بەشێوەیەکی زانستیانە شی کردۆتەوە، منیش بەش بە حاڵی خۆم لەساڵی ١٩٩٢ ەوە لە زۆربەی کۆڕە شیعرییەکاندا باسی پێویستی لە ئەنجامدانی ریفراندۆمم کردووە، لە ٢٠٠٢/١٠/٣٠ لە هەولێر لە کۆڕێکی فراوانی جەماوەریدا جەختم لەسەر ئەوەکرد کە دەبێ گەلی باشووری کوردستان، لەرێگەی رفراندۆمەوە بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بدا.. هەروا مانگی مارتی ٢٠٠٣ هەڵبژاردەیەک لە نووسەران و روناکبیرانی دەرەوەی وڵات بەیانێکمان دەرکرد دەربارەی هەڕەشەکانی تورکیا لەسەر باشووری کوردستان، کە تێیدا باس لە وەئاگاهێنانی خەڵکی کوردستان کرابوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندوم، لەو نووسەرو کەسایەتیيانە، جگە لە برای بچوکتان کە دارشتنی بەیانەکەی پێ پێسپێردرا، مامۆستا پشکۆ نەجمەددین، د. مەحموود عوسمان، د. جەبار قادر، د. بورهان یاسین، د. رەفیق سابیر، د. رێبوار فتاح، و گەلێکی تر بەشدارییان کرد. تێکستی بەیانەکە لە هاوڵاتی و هەندێ سایتی ئینتەرنێتدا بڵاوکرایەوە، بەم دوا دوایەش هەندێ نووسەرو روناکبیری سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتنە دەنگ.

مەسەلەی ریفراندۆم رەوایە جا هەر کەسێک و هەرلایەک داوای بکا بەمەرجێک کەسانی پاک بن و حەساسیەتی هیچ لایەک نەهارووژێنن، پێشتر دەورێکی باشیان لە تەباکردنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و داردەست و فەرمانبەری هیچ حیزبێکی برا کوژ نەبووبن.

گەر پیاو خراپ خۆی بکاتە ریشسپی ئەو دۆزە پیرۆزە ئەوا نەک هەر قازانجی نابێ بەڵکو دەبێتە هۆی ساردنەوەی خەڵکیش. کەسانێک ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشدارییان کردبێ لە هاندانی رەشو رووتی کورد بۆ یەکتر قڕکردن نابێ شەرەفی دسپێشکەریی کارێکی وا پیرۆزیان بدرێتێ. کەسانی وا ئەگەر داوای لێبوردن لەگەلی کوردستان نەکەن،ئەوا پێویستە لە دوارۆژدا بدرێنە دادگە. لێرەدا بەگشتی قسە دەکەم و مەبەستم هەموو ئەو زاتانە نییە کە خۆیان بە خاونی ئەم کارە دەزانن بێگومان کەسانی پاک و دڵسۆزیشیان تێدایە.

ئەگەر پارتی و یەکێی پێکەوە ئەم کارە ئەنجام نەدەن هیچی لەجێ شین نابێ، چونکە هەر کارێک ئەم بیکا ئەوی تر لە دژی دەوەستێ هەردووکیان خەریکی گۆلکردنن لەیەکتر، ئەوەی ئاگاداری مێژووی چل ساڵی دوایی کوردستان بێ ئەوشتە باش دەزانێ یا دەبێ هەردووکیان بیکەن (کە قەت نایکەن)! یادەبێ خەڵکی کوردستان برژێنە سەر شەقامەکان و سەرکردەکان بخنە ژێر فشار ناچاریان بکەن ملکەچی ئیرادەیان بن. پێویستە وەک لە شیعرێکی ئەم دواییەمدا گوتوومە، کە گەورەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ دادەنیشن لەباتی سێوو پرتەقاڵ و کۆکاو مۆکا تورەگەی مارێنزیان لەبەردەم دادەنێن!

مادام باسی ریفراندۆم دەکەین دەبێ ئەوەش بڵێم کە کۆمەڵێک پێشمەرج هەن بۆ ریفراندۆم، ئێستا لەم باردۆخەدا، بێ زەمینە خۆشکردن ئەنجامدانی مەحاڵە پێش ئەوە دەبێ:

١ - هەرسێ ئیدارەی کوردستان، هەولێر و سلێمانی و کەرکوک، لەگەڵ شوێنەکانی تر کە ئێستا بەرەسمی سەر بەئیدارەی عێراقن ببنە یەک ئیدارە.

٢ - هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرێ، ئەمیش حومەتێکی تێکنۆکرات و کارزان دەسنیشان بکا بۆ ئەوەی لە کوردستاندا مەرجەعیەتێکی دانپێدانراو هەبێ کە لە دەرەوەو ناوەوە ڕێزی لێ بگیرێ و حیسابی بۆ بکرێ و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکا.

٣ - لە باشووری کوردستاندا سەر ژمێری ئەنجام بدرێ.

٤ - پەرلەمانێکی پشتئەستوور بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، دەتوانێ هەنگاو هەڵێنێ و بەرەو ریفراندۆم.

من گومانم هەیە کە حیزبەکان ئەو هەنگاوانەی سەرەوە بهاوێژن. نەک لەبەر ئەوەی نایانەوێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەزارو یەک ئیلتیزاماتیان هەیە لەگەڵ وڵاتانی دەوربەر. هەزارویەک بەڵێنییان بە ئیران و تۆران داوە کە دڵسۆزی یەکێتی خاکی عێراقن! بۆیە، دیسان دەیڵێمەوە تاکە ڕێگە، وەگاهێنانی شەقامی کوردستانە. ئەوەی تا ئێستاش بەتەمایە پارتی و یەکێتی بەو ململانێییە، کوردستانت بۆ رزگار بکەن، بابۆخۆی سیر